# شیکردنەوەی ڕۆڵی داهاتووی بانك له پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەراندا (هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە)

(PP 103 - 114)

م. د. ئەیوب ئەنوەر حەمەد سماقەیی دەرباز مصطفی محمود بیرهات خلیل عبدالله ڕێواس زۆراب احمد
دلڤین صابر حسین هناء لازم علی
کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری / بەشی ئابووری - زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
ayubanwar74@gmail.com

وەگـــــرتن : 2017/04/25
پەسندکردن : 2017/07/04
بڵاوکردنەوە : 2017/12/20

**پوختە**

بوونی بەنك وەك دامەزراوەیەکی دارایی لە نێوان فەرمانبەران و حوکومەتی هەرێمدا، دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە لە نێوانیاندا، لەبەر ئەوەی شوێنی گونجاو و ڕاستەقینەی پاشەکەوت بەنکە، بەنکیش هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوە و ئاراستەکردنی پاشەکەوت، لە پێناو وەبەرهێنان و بەیانییەکی باشتر بۆ خاوەن پاشەکەوتەکان، و بەنك هۆکارێکە بۆ دەستکەوتنی قازانج بۆ خاوەن پاشەکەوتەکان، لە ڕێگای دانی سوو، یان لە ڕێگای کرداری جامبازی (هاوبەشی لە قازانج) کە دەبێتە هۆی دەستکەوتنی قازانج بۆ خاوەن پاشەکەوتەکان، کەواتە گرنگی بەنك بۆ ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی دەگەڕێتەوە کە لە دابینکردن و ئاراستەکردنی پاشەکەوت و دابینکردنی سەرمایە بۆ بوارە جیاوازەکانی وەبەرهێنان دەیبینێت. گرنگی توێژینەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی شیکردنەوەی زانستییانەی بابەتەکە و، گرینگی ڕۆلی بەنك لە کرداری پاشەکەوت و ڕێکخستنی پاشەکەوت وەك هۆکارێکی دروستکردنی متمانە لە نێوان فەرمانبەران و حوکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، گرفتی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئە گرفتە گەورەیەی کە ڕووبەڕووی فەرمانبەران دەبێتەوە لە ڕێگای پاشەکەوتی زۆرەملێوە، و نەبوونی ڕۆلی بەنك لە ڕێکخستن و چارەسەرکردندا، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە نەبوونی ڕۆلی بەنك لە کرداری پاشەکەوتی زۆرەملێ بووەتە هۆی زیاتر لاواز کردنی متمانەی فەرمانبەران بە حوکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، و لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە هەوڵیداوە لە ڕێگای هێنانەوەی بە ڵگەی زانستی و لۆجیکیدا، ڕێگا چارەی گونجاو بۆ گرفتی پاشەکەوتی زۆرەملێ دیاریبکات.

**چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق، -پاشەکەوت–بەنك.

## پێشەکی

بوونی بەنك وەك دامەزراوەیەکی دارایی لە نێوان فەرمانبەران و حوکوومەتی هەرێمدا، دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە لە نێوانیاندا، لەبەر ئەوەی شوێنی گونجاو و ڕاستەقینەی پاشەکەوت بەنکە، بەنکیش هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوە و ئاراستەکردنی پاشەکەوت، لە پێناو وەبەرهێنان و دوارۆژێکی باشتر بۆ خاوەن پاشەکەوتەکان، و هەروەها هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی قازانج بۆ خاوەن پاشەکەوتەکان، لە ڕێگای دانی سوو، یان لە ڕێگای کرداری جامبازی کە دەبێتە هۆی دەستکەوتنی قازانج بۆ خاوەن پاشەکەوتەکان، کەواتە گرینگی بەنك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆلە سەرەکییەی کە لە دابینکردن و ئاراستەکردنی پاشەکەوت و دابینکردنی سەرمایە بۆ بوارە جیاوازەکانی وەبەرهێنان، دەیبینێت.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتی توێژینەوەکە، لەو گرفتە گەورەیەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ڕێگای پاشەکەوتی زۆرەملێ و نەبوونی ڕۆلی بەنك لە ڕێکخستن و چارەسەرکردندا، ڕووبەڕووی فەرمانبەران دەبێتەوە.بەهۆی شێواز و زۆری بڕی پاشەکەوتەکە ، و نادیاری چارەنووسی پاشەکەوتەکە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرینگی توێژینەوەکە، بۆ گرینگی شیکردنەوەی زانستییانەی بابەتەکە و، گرینگی ڕۆڵی بەنك لە کرداری پاشەکەوت و ڕێکخستنی پاشەکەوت وەك هۆکارێکی دروستکردنی متمانە لە نێوان فەرمانبەران و حوکوومەتی هەرێمی کوردستان عێراقدا، دەگەڕێتەوە.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

گریمانەی توێژینەوەکە، ئەوەیە کە نەبوونی ڕۆلی بەنك ، و شێواز ، و زۆری بڕی پاشەکەوتەکە ، و نادیاری چارەنووسی پاشەکەوتەکە ، بووەتە هۆی زیاتر لاوازکردنی متمانەی فەرمانبەران بە حوکوومەتی هەرێمی کوردستان عێراق.

**ئامانجی توێژینەوەكە:**

دیاریكردنی میكانیزمی بەنكی گونجاو بۆ گێڕانەوەی متمانە لە نێوان فەرمانبەران و حوكوومەت، و تیشك خستنەسەر پاشەكەوتی زۆرەملێ و خراپییەكانی.

**پرۆگرامی توێژینەوەكە:**

توێژینەوەكە پشت بە پرۆگرامی شیكردنەوەی وەسفی دەبەستێت بۆ شیكردنەوە و دیاریكردنی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ گرفتی پاشەكەوتی زۆرەملێ لە ڕێگای هێنانەوەی بەڵگەی زانستی و لۆجیكی. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش توێژینەوكە بەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوەدا دابەشدەكەین:

**باسی یەكەم**

**بەنك و ڕۆلی لە پاشەكەوتكردندا**

**یەكەم - ناساندنی بەنك و ئەركەكانی لە پاشەكەوتكردندا**

1- بەنك Bank: سەرەتا بەنك ئەو دامەزراوەیەیە كە سپاردە لە خەڵك و دامەزراوە و دەستەكان وەردەگرێت، ئەو سپاردەیە لەژێر خواستدایە یان سپاردەی دواخراوە، بەنك ئەم سپاردانە بۆ پێدانی قەرز و وەبەرهێنانی دارایی بەكاردەهێنێت.

2- بەنكی بازرگانی Commercial Bank: بریتییە لە گرنگترین و كۆنترین دامەزراوە، كە ئەركی سەرەكی وەرگرتنی سپاردەیە، بریتییە لە قبوڵكردنی سپاردەی لەژێر خواست كە دەتوانرێت بەهۆی چەكی بانكی ڕابكێشرێت لەلایەن ئەو كەسانەی كە سپاردەیان هەیە لە هەر كاتێكدا بیانەوێ و بە بێ ئاگاداركردنەوەی پێشوەختە، بە شێوەیەكی گشتیش ئامانجی بەنكی بازرگانی قازانجكردنە، لە ڕێگەی جیاوازی نێوان ئەو داهاتانەی كە لە بە قەرزدان و وەبەرهێنانی سپاردەكان و تێچوونی وەرگرتن و قبوڵكردنی سپاردەكانی خەڵك و دامەزراوەكان دەستیدەكەوێت، كە رۆڵێكی زۆریان هەیە لە كارتێكردنی لە دراو دراوی متمانەیی بە تایبەت كە توانایان هەیە لە دروستكردنی دراوی سپاردەی، كە وەك پارە مامەڵەی پێدەكرێت چ بۆ مامەڵەپێكردن و چ بۆ دانەوەی قەرز (سماقەیی، 2016، 224).

3- ئەركەكانی بەنك: بەنك هەندێك ئەرك جێبەجێدەكات كە گرنگترینیان ئەمانەن:

a) وەرگرتنی سپاردەكان بە هەموو جۆرەكانییەوە وەك، سپاردەی لەژێر خواست و سپاردەی دواخراو و سپاردەی پاشەكەوت ، لە هەموو لایەنێكی خاوەن سپاردە وەك حوكوومەت، دامەزراوەكان، تاكەكان، جا ئەو سپاردانە بە دراوی ناوخۆیی بێت یاخود دراوی بیانی.

b) دانی قەرز بە تایبەتی قەرزی كورت مەودا، كە سەرچاوەی ئەم قەرزانە سپاردەكانە.

c) نێوەندكردنی پاشەكەوتكەر و وەبەرهێن، كە زۆربەی قازانجەكانی لە ڕێگەی جیاوازی نێوان نرخی سووی قەرزدەر و قەرزكەر بەدەستدەهێنێت، واتا نرخی سوو لەسەر سپاردەكان كە بەنك دەیدات بە خەڵكی خاوەن سپاردە و نرخی سووی كە بەنك وەریدەگرێت لە دانی قەرز بە قەرزكەرەكان.

d) دروستكردنی دراوی متمانەی بەنكیی، كە ئەركێكی گرنگە بە هۆی كاریگەری لەسەر چالاكی ئابووری و لەسەر بڕی هۆكاری دان (پارە) و پارەی بەردەست لەناوخۆدا.

e) ئەنجامدانی وەبەرهێنانی دارایی و بەنكی جیاواز لەناوەوە و دەرەوەی وڵات، لە ڕێگەی كڕین و فرۆشتنی پشك و قەواڵە. . . هتد.

f) پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بەنكیی جیاواز وەك (دەركردنی بارمتە نامە Letter of Guarantee (اصدار خگابات الچمان) (حەواڵەی دەرەكی) . (الحوالات الخارجیه، وفتح الاعتمادات المستندیه، تحصیل الشیكات . كە سەرچاوەیەكی باشن بۆ قازانجی بەنكە بازرگانییەكان (سماقەیی، 2016 ،266).

4- گرنگی بەنك لە پاشەكەوتكردندا: بەنك، بە ئەمانترین شوێنی پاراستنی پارە دادەنرێت، لەبەرئەوەی كاغەزی دارایی و دراو بزردەبن و لەناودەچن، بەڵام ژمارەی بەنكی (ژمارە حساب) بزرنابێت و لەناو ناچێت و نادزرێت وەك ئەوەی لە ساڵی 2003 ڕوویدا لە كاتی ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراقدا، كە ژمارە حسابییەكان پارێزراو بوون، و دەتوانرێت كەشفی ژمێرەی مانگانە بدرێتە خاوەن پاشەكەوتەكان وەك تۆماری ئەو پارانەی كە لە بەنك دانراون لەگەڵ ئەو پارانەی كە لەو ماوەیەدا لە بەنك دەرهێنراون، و كردنەوەی

ژمارەی بەنکی تایبەت کە ئاسانکاری دەکات بۆ خاوەن پاشەکەوتەکان وەك هۆکارێکی پێدان، واتا ئاسان دەتوانێت بەکاریبهێنێت. (www.Kitabat.info)

5- ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی هاندانی خەلك بۆ پاشەكەوتكردن

- پاڵنەری زۆرکردنی سامان و بەدەستهێنانی قازانجی بەرز، ئەم پاڵنەرە لە ئارەزووی بەگەڕخستن و وەبەرهێنانی سامانەوە دروستدەبێت.

- پاڵنەری دڵنیابوون و ڕووبەڕووبوونەوەی دوارۆژ بە ماندووبونێکی کەم.

- پاڵنەری بەشدارییپێکردنی کەسانی تر لەمیراتدا. (حسین، 80،2006)

6- ڕۆڵی بەنك لە پاشەكەوتكردنی مووچەی فەرمانبەراندا: ئەركی سەرەكی بەنك بریتییە لە بەیەك گەیاندنی پاشەكەوتكەران و وەبەرهێنەران، ئەگەر هۆكاری خودی و بابەتی پاڵنەر بن بۆ پاشەكەوتكردن، ئەوا بەنك ڕۆڵی هاندان دەگێڕێت لەكرداری پاشەكەوتكردندا، واتە، كاریگەری باشی هەیە لەسەر پاڵنەرەكانی پاشەكەوتكردن كە چوارچێوەیەكی وا ڕێكدەخات هانی پاشەكەوتكردن بدات، دەتوانرێت ئەم چوارچێوەیە بۆ دوو پێكهاتەی سەرەكی دابەشبكرێت:

a- میكانیزم و هۆكار: كە دەتوانین ئاماژە بەم میكانیزم و هۆكارانەی خوارەوە بدەین:

- پێشكەشكردنی قازانجی سەرنجڕاكێش بۆ پاشەكەوتكەران.

- دابەشبوونی جوگرافی بەنك، واتە نزیكی بەنك لە پاشەكەوتكەران.

- جۆراوجۆركردن و نوێبوونەوەی بەرهەمە داراییەكان.

- باشكردنی خزمەتگوزاری بەنكی لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆك، و دڵنیابوون لە خێرایی بەڕێوەبردنی كارەكان لە ڕێگای بەسەردەمیكردنی كاری بەنكی.

- پێشكەشكردنی ئاسانكاری نا نەختینەیی بۆ پاشەكەوتكەران، وەك سوودمەندبوون لە (تمویل) بە سووی دانراو (رحمانی و مسمش،2007 ،90)

b- كاریگەری ئەدەبی: لە ڕێگای ڕوونكردنەوەی بەبازاڕكردنی بەنك و، لە لایەكی تریشەوە لە ڕێگای دروستكردنی پەروەردەیەكی پاشەكەوتی، وخوڵقاندنی هۆشیارییەكی پاشەكەوتی، لە ڕێگای هۆكاری ڕاگەیاندن و پەیوەندیكردن و بڵاوكراوە و گۆڤار و پێگەی ئینتەرنێت و فەیسبووك و ڕێكخستنی كۆڕ و سمینار. (حسین ،2007، 82 )

**دووەم- ناسندنی پاشەكەوت و جۆرەكانی**

1-پێناسەی:پاشەكەوت Saving:

پاشەكەوت بریتییە لەو بەشە دەستهاتەی كە لە ئێستادا بەكار ناهێنرێت، بە ڵكو دوادەخرێت بۆ بەكارهێنان لە دوا ڕۆژدا، یان ئاڕاستە دەكرێت بۆ وەبەرهێنان، یان بریتییە لە دەستبەرداربوون لە سوودی بەكارهێنانی ئێستا لە پێناو بە دەستهێنانی سوودێكی گەورە لە بەكارهێنان لە دوارۆژدا، یان بریتییە لە دواخستنی بەكارهێنانی ئەمڕۆ لە پێناو ئایندەیەكی باشتردا. (سماقەیی، 2016، 182 )

پاشەكەوت ئەوبەشەی دەستهاتە كە لە كاڵای بەكاربردن خەرج ناكرێت.

واتە $Y = C + S$

پاشەكەوت پشت بە دەستهات دەبەستێت، كەواتە پاشەكەوت هاوكێشەیە بۆ دەستهات بەم هاوكێشەیە دەگوترێت

هاوكێشەی پاشەكەوت $C = F(Y)$

ئەو ڕێژەیەی كە لە دەستهات پاشەكەوت دەكرێت پێی دەگوترێت ئارەزووی پاشەكەوتكردن Propensity to Save

كەواتە:

$$\text{ئارەزووی پاشەكەوت كردن} = \frac{\text{پاشەكەوت}}{\text{دەستهات}}$$

$$\text{Propensity to Save} = \frac{\text{Saving}}{\text{Income}}$$

لەکاتی گۆڕانی دەستهات ئاراستەی زیادبوونی دەستهات بەرەو پاشەکەوتکردن پێی دەگوترێت ڕادەی ئارەزووی پاشەکەوتکردن Marginal propensity to save (MPS)

کەواتە:

$$MPS = \frac{\Delta S}{\Delta Y}$$

کەواتە گۆڕان لە دەستهات بەسەر بەکاربردن و پاشەکەوتدا دابەشدەبێت

$$\Delta Y = \Delta C + \Delta S$$

کەواتە کۆی هەردوو ڕادەی ئارەزووی بەکاربردن و پاشەکەوت لە هەموو کاتەکاندا پێویستە یەکسان بێت بە یەکی تەواو، (الوزني والرفاعي،2006 ، 163 ). واتە

$$MPC + MPS = 1$$

$$MPC = 1 - MPS$$

$$MPS = 1 - MPC$$

پاشەکەوت یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەپێدانی ئابووری و بەردەوامبوونی، لە ڕێگای گۆڕینی پاشەکەوتی نیشتیمانی بۆ وەبەرهێنان، وەبەرهێنانیش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کرداری بەرهەمهێنان، لەبەر ئەوەی وەبەرهێنان بریتییە لە دروستکردنی توانای بەرهەمهێنانی ڕاستەقینە، کەواتە وەبەرهێنان ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە پەرەپێدانی ئابووری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا. (القريشی،1993 ، 325 )

**2- مەرجەکانی دروستبوونی پاشەکەوت**

کاتێك پاشەکەوت دەکرێت ئەگەر هاتوو هۆکارە خودیی و بابەتییەکان لە ئارادابوون، وەك:

a- توانای پاشەکەوتکردن: بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ تایبەتمەندکردنی بەشێك لە دەستهاتی لە پێناو دواڕۆژدا، کە بە جیاوازی نێوان قەبارەی دەستهات و قەبارەی خەرجی دیاریدەکرێت، خەرجی تاکیش لەسەر شێوازی ژیانی و هەڵسوکەوت دەوەستێت، لەبەر ئەوەی تەنها بوونی دەستهات نابێتە هۆی دروستبوونی پاشەکەوت.

b- ئارەزووی پاشەکەوتکردن: بریتییە لە بابەتێکی پەروەردەیی و دەروونی، بە پێی پاڵنەرەکانی زۆر یان کەم دەبێت، وەك بوونی چینایەتی لە ناو کۆمەڵگا و ئارەزووی ڕێکخستنی خەرجی و گۆڕینی بژێوی ژیان، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، واتە شتێکی ڕێژەییە.

**3-ئەو هۆکارانەی کار لە پاشەکەوت دەکەن:**

a-ئاستی دەستهات: هەرچەند دەستهات زیاد بێت، ئەوەندە پاشەکەوتکردن زیاددەکات، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان دەستهات و پاشەکەوتکردندا هەیە.

b-ئاستی گشتی نرخ: هەرچەند ئاستی گشتی نرخ لە بازاڕەکاندا بەرز بێت پاشەکەوتکردن کەمدەبێتەوە، واتە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان ئاستی گشتی نرخ و پاشەکەوتکردندا هەیە.

c-ئارامی و جێگیری نرخی ئاڵوگۆڕی پارەی ناوخۆیی: هەرچەندە نرخی ئاڵوگۆڕی پارەی نیشتیمانی جێگیربێت ئەوەندە خەڵك هاندەدات بۆ پاشەکەوتکردن، واتە کەمی هەڵبەزین و دابەزینی توانای کڕینی پارەی ناوخۆیی و بەهاکەی بەرانبەر دراوە بیانییەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی پاشەکەوت.

d-نرخی سوو: هەرچەند نرخی سوو لە بەنکەکان زیادبکات ئەوندە پاشەکەوتکردن زیاددەکات، کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان نرخی سوو و پاشەکەوتکردندا هەیە.

e-پێگەی کۆمەڵایەتی: پێگەی تاك لە دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەری لەسەر پاشەکەوتکردندا هەیە، بۆ نموونە چینی هەژار توانای پاشەکەوتکردنی کەمە یان جاری وا هەیە هەر توانای پاشەکەوتکردنی نییە، بەڵام چینی دەوڵەمەند توانای پاشەکەوتی زۆرە. ( القريشی، 1993، 324)

**4-جۆرەکانی پاشەکەوت:**

پاشەکەوت بە شێوەیەکی سەرەکی دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر:

1-پاشەكەوتی ئارەزوومەندانە: بریتییە لەو پاشەكەوتكردنەی كە تاك بە ویستی خۆی دەیكات بەبێ هیچ فشارێك و زۆرلێكردنێك، كە چەند هۆكارێك هانی دەدات بۆ پاشەكەوتی ئازاد وەك:

- هۆشیاری پاشەكەوتكردن

- مسۆگەری و دڵنیایی و باوەڕبوون بە باشی پاشەكەوتكردن.

- پێشەكەوتی دامەزراوە تایبەتییەكانی پاشەكەوتكردن و فراوانكردن و باشكردنی خزمەتگوزارییەكانیان.

2-پاشەكەوتی زۆرەملێ: بریتییە لەو پاشەكەوتەی كە تاك ناچار دەكرێت بە ئەنجامدانی لە ڕێگای یاسایی یان بڕیاری حوكوومی یان بە بڕیاری دامەزراوەكانی كەرتی تایبەت وەك دابەشنەكردنی یان دواخستنی قازانجی كۆمپانیای پشكدار. ( حسین،2006، 80)

**5-مەرجەكانی پاشەكەوتكردن:**

1-پێویستە پاشەكەوت دوای تێركردن و دابینكردنی پێداویستییە ژیارییەكان بێت .

2-پاشەكەوت نابێت لە(قوت) بژێوی مرۆڤدا بكرێت و ببێتە هۆی زیان پێگەیاندنی،و نابێت پاشەكەوت ببێتە هۆی تەنگكردن و دروستكردنی ترس لە سەر بژێوی ژیانی مرۆڤ.

3- نابێت پاشەكەوت ببێتە هۆی برسیكردنی مرۆڤ.

**باسی دووەم**

پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی كوردستاندا

1-پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەران

وەك ئاشكرایە دوو جۆری پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەران هەیە:

1- پاشەكەوتی ئارەزوومەندانەی فەرمانبەران: واتە فەرمانبەر بە ئارەزووی خۆی داواكارییەك بۆ فەرمانگەكەی خۆی دەنووسێت بۆ بڕینی بەشێك لە مووچەكەی بۆ ماوەیەكی دیاریكراو. لە كوردستان ئەم جۆرە زۆر زۆر كەمە، ئەوەی ژمارەی بەنكیشی هەبێت بریتییە لە (حسابی جاری).

2- پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەران بە زۆرەملێ: واتە دەرچوونی بڕیارێك بۆ بڕینی ڕێژەیەك لە مووچەی فەرمانبەران (كە بەدەقێكی یاسای بودجەی گشتی دەوڵەت هاتبێت) دواتر گێڕانەوەی هەموو لێبڕینەكان بە یەك جار یان بە شێوەی (بەش بەش) بە پێی بارودۆخی ئابووری وڵات، و نابێت لە یەك لەسەر پێنجی مووچە زیاتر بێت. (خچیر،2014،2)، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرەزۆری فەرمانبەران پاشەكەوت بە باشتر دەزانن لە كەمكردنەوەی مووچە، لەبەرئەوەی پاشەكەوت سوودی تاكەكەسی و ئابووری هەیە، ئەگەر هاتوو(چمانات)ی ڕاستەقینە هەبێت بۆ گێڕانەوەی پاشەكەوتەكە و ئەو قازانجەی دێتە سەری.

**1- مووچەی فەرمانبەران و یاسای ڕێكخستنی لە هەرێم و عێراقدا**

بەپێی مادەی (61-یەكەم ) لە دەستووری عێراق و بە پشتبەستن بە احكامی بڕگەی ( پێنج-ئەلیف) لە مادەی دەستووری ژمارە (138)، پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی (4-5-2008) یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2008 دەركرد كە تایبەتە بە مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی، ئەم یاسایە وەك لە مادەی یەكەمدا هاتووە، ئامانجی ڕاستكردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتییە، كە ببێتە هۆی دابینكردنی ئاستێكی گونجاوی ژیان، لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی توانای زانستی و پۆست و شوێنی جوگرافی و ترسناكی و ساڵی خزمەت و باری كۆمەڵایەتی. كەواتە ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە ڕەخساندنی ئاستێكی گونجاوی ژیان بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت، و لە مادەی (3- دووەم) دەسەڵاتی داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران بە ڕاستكردنەوەی ڕێكخستنی بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخ لە پێناو كەمكردنەوەی كاریگەری هەڵاوسان لە سەر ژیانی فەرمانبەران، بە هیچ شێوەیەك باسی لێبڕین و پاشەكەوتی زۆرەملێ نەكراوە، كەواتە دەقێكی دەستووری و یاسایی نییە حوكوومەتی هەرێم لە كاتی بڕینی مووچەی فەرمانبەران بەناوی پاشەكەوتی زۆرەملێدا، بۆی گەڕابێتەوە. www.parliament.iq

**2- مێژووی پاشەكەوتی زۆرەملێ لە عێراق**

مێژووی پاشەكەوتكردنی مووچەی فەرمانبەران لە عێراق بۆ ساڵی 1972 دەگەڕێتەوە، عێراق لە كاتی خۆماڵیكردنی نەوت و دەركردنی كۆمپانیا نەوتییەكان، وەك پەرچە كردارێك گەمارۆی كڕینی نەوتی خرایە سەر، لەم كاتەدا عێراق تووشی كەمبوونەوەی داهات هات، دواتر عێراق توانی بە پێی ڕێككەوتنی تایبەت نەوتی خۆی بفرۆشێت، لە ماوەی وەستانی فرۆشتنی نەوتدا دەوڵەتی عێراق بەشێك لە مووچەی فەرمانبەرانی وەك پاشەكەوتی زۆرە ملێ بڕی، كە بۆ ماوەی ساڵێك بەردەوام بوو تاكو ناوەڕاستی ساڵی 1973، دوای ئەم ساڵە دەوڵەتی عێراق هەموو ئەو گوژمانەی بۆ فەرمانبەران گێڕایەوە كە وەك پاشەكەوتی زۆرەملێ بڕیبووی.

لەگەڵ ئەوەی پاشەکەوتی زۆرە ملێ دەوڵەت دەتوانی پەنای بۆ ببات بەڵام زۆر بەربەستی لە ڕێگادایە وەك بوونی دەقی یاسایی جێبەجێکراو کە ڕێگا نادات لە یەك لەسەر پێنجی مووچەی فەرمانبەرانی حوکوومی ببڕدرێت، ئەگەر بە پێی ئەم یاسایە بێت نابێت لە 20% زیاتر ببڕدرێت وەك زۆرترین ڕادە. (خچیر،2، 2014)

**2-بڕیاری پاشەکەوتی زۆرەملێ لە هەرێمی کوردستان**

حوکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 2016/2/3 بە بڕیاری ژمارە (64) ڕایگەیاند کە تەنها بەشێك لە مووچەی فەرمانبەران دەدات، جگە لە پێشمەرگە و ئاسایش و هێزە ئەمنییەکان، ئەو برەی کە دەبیرێت لە مووچەی فەرمانبەران ناوی نا پاشەکەوتی مووچە، بە پێی خشتەی ژمارە (1) کە لە 15% دەستپێدەکات تاکو 75% کە هەموو فەرمانبەرانی کەرتی گشتی دەگرێتەوە، لەگەڵ بڕینی 50% مووچەی خانەنشینی پلە تایبەتەکان وەك وەزیر و بریکاری وەزیر و ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ،ئەم بڕیارە تەنانەت ئەو فەرمانبەرانەشی گرتەوە کە مووچەکانیان لە عێراقە وە دێت و سەر بە دەولەتی ناوەندین وەك فەرمانبەرانی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتیمانی (www.Krso.net) وەك لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە .

**خشتەی (1) ڕێکخستنی مووچەی فەرمانبەران بە پێی سیستەمی پاشەکەوتی زۆرەملێ**

| فیئات (هەزار دیناری عێراقی) | بڕی مووچە (بە نموونە) (هەزار دیناری عێراقی) | ڕێژەی پاشەکەوت (هەزار دیناری عێراقی) | بڕی پاشەکەوت (هەزار دیناری عێراقی) | بڕی مووچە دوای پاشەکەوت (بە نموونە) (هەزار دیناری عێراقی) |
|---|---|---|---|---|
| 200-100 | 179 | %15 | 26.850 | 152.150 |
| 300-200 | 264 | %20 | 52.800 | 211.200 |
| 400-300 | 356 | %25 | .89.000 | 267.000 |
| 500-400 | 453 | %30 | 135.900 | 317.100 |
| 600-500 | 551 | %35 | 192.850 | 358.150 |
| 700-600 | 649 | %40 | 259.600 | 589.400 |
| 800-700 | 751 | %45 | 338.400 | 413.600 |
| 900-800 | 847 | %50 | 423.500 | 423.500 |
| 1000-900 | 948 | %55 | 521.400 | 426.600 |
| 1500-1000 | 1189 | %60 | 713.400 | 475.600 |
| 2000-1500 | 1678 | %65 | 1.90.700 | 587.300 |
| 3000-2000 | 2345 | %70 | 1.641.500 | 703.500 |
| 5000-3000 | 3780 | %75 | 2.835.000 | 945.000 |
| 5000 بەرەو سەرەوە | 5676 | %75 | 4.257.00 | 1.419.000 |

سەرچاوە: حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارای و ئابووری، زانیاری بڵاونەکراوە 2015

**3- فەرمانبەران و پاشەکەوتی زۆرەملێ**

ئەگەر خوێندنەوەیەکی ئابووری بۆ خشتەی ژمارە (1) بکەین، ئەم ڕاستیە ئابوورییانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

1-ڕێژەیەکی زۆر لە مووچەی فەرمانبەران دەبڕدرێت بە ناوی پاشەکەوت کە لە 15% دەست پێدەکات بۆ 75% کە ئەمەش زۆر زیاترە لە یەك لەسەر پێنجی مووچەی فەرمانبەران، کە ناکرێت لە هیچ بارودۆخێك زیاتر لە یەك لەسەر پێنجی مووچەی فەرمانبەران ببڕدرێت یان پاشەکەوت بکرێت لە لایەن حوکوومەت یان کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە.

2-هەموو فەرمانبەرێك 7% مووچەکەی وەك لێبڕینی یان وەك پاشەکەوتی خانەنشینی لێدەبڕدرێت لە مووچە بنەڕەتیەکەی ، کەواتە فەرمانبەرێکی پلە (10) کە نزمترین پلەبەندییە لە خشتەی مووچەی فەرمانبەران لە 22% لە مووچەکەی دەبڕدرێت وەك پاشەکەوت، و فەرمانبەرێکی پلە یەك بۆ نموونە لە 82% مووچەکەی دەبڕدرێت وەك پاشەکەتی خانەنشینی و پاشەکەوتی زۆرەملێ کە لە سەدا 18% مووچەکەی وەردەگرێت کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمە و دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی ژیانی ئەو فەرمانبەرانە، واتە زۆر بە خێرایی لە پلەیەکی مام ناوەندی چینایەتی دایدەبەزێنێت بۆ چینی هەژاران.

3-زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەران بە تایبەتی لە پلە 10 بۆ پلە 4 توانای پاشەکەوتکردنیان نییە لە بەرکەمی مووچەکانیان بە بەراوورد بە ئاستی گشتی نرخ لە بازاڕەکانی کوردستاندا.

4-زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەران لە پلە 10 تاکو پلە 1 ئارەزووی پاشەکەوتیان نییە، لەبەر نەبوونی هۆشیاری پاشەکەوتکردن و نەبوونی متمانە بە حوکوومەت و نا ئارامی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و نەبوونی بەنك وەك نێوەندگیرێك لە نێوان حوکوومەت و فەرمانبەراندا، بە مانایەکی تر نەبوونی ژمارەی حیسابی تایبەت بە فەرمانبەران لە بەنکە حکومییەکان یان تایبەتەکان.

5-ئەمر لێبڕینە، واتا کەمکردنەوەی توانای کڕینی چینی فەرمانبەران، و کەمبوونەوەی توانای کڕین واتە سستبوونی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی بەکارهێنان، کە بەکارهێنان بزوینەر و ئامانجی کۆتایی ئابوورییە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە لێبڕینی لە 22% و تاکو 82% واتا هەژارەکان بە ڕێژەی 22% هەژار تر دەبن و چینی مام ناوەندی کۆمەڵگا کە فەرمانبەرانی پلە یەکەکانن دەبێت لە 82% نزیکببنەوە لە چینی هەژاران و لە 82% دووربکەونەوە لە چینی مام ناوەندی کۆمەڵگا، بە تایبەتی ئەو فەرمانبەرانەی کە تاکە سەرچاوەی بژێوییان مووچەکەیانە و سەرچاوەی تریان نییە. پوختەی قسە، ئەمر خشتەی پاشەکەوتە هەژارکردنێکی خێرای فەرمانبەرانە، و ئەو پاشەکەوتەی کە هەیە (زۆرەملێ) کاریگەری خراپی هەیە لەسەر توانای کڕینی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك، بە تایبەتی ئەوانەی ژیانیان بەندە بە مووچەکەیانەوە، و هەندێ مووچە خۆی لە بنەڕەتا لە سنووری نان و زگدایە، واتە خۆی لە بنەڕەتا بەشی دابینکردنی کەمترین پێداویستی ژیان ناکات.

6-زۆر جاری وا هەیە زیادبوونی مووچەی فەرمانبەر بە یەك هەزار دینار دەبێتە هۆی بڕینی مووچەکە بە بڕی (11 هەزار دینار تاکو 151 هەزار دینار)، بۆ نموونە مووچەی 200هەزار دینار دەبێتە 170 هەزار دینار، واتا ڕێژەی پاشەکەوت 15% بەڵام 201 هەزار دینار دەبێتە 160 هەزار دینار، واتە ڕێژەی پاشەکەوت 20%، و مووچەی ( 3 ) ملیون دەبێتە 900 هەزاردینار، واتە ڕێژەی پاشەکەوت لە 70%یە، بەڵام سێ ملێون و یەك هەزار دینار دەبێتە 750 هەزاردینار، واتا ڕێژەی پاشەکەوت 75%یە، کەواتە بە زیادبوونی مووچە بە بڕی یەك هەزار دینار دەبێتە هۆی زیادبوونی بڕی پاشەکەوتی زۆرەملێ بە ڕێژەی 5%، کە ئەمەش جۆرێکی ترە لە نادادپەروەری لە بڕینی مووچەی فەرمانبەران وەك لەخشتەی ژمارە(2)دا دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە (2) ڕێژەی بڕینی مووچە بە جیاوازی یەك هەزاردینار**

| مووچە (هەزار دیناری عێراقی) | مووچەی وەرگیراو دوای بڕین (هەزار دیناری عێراقی) | بڕی بڕین لە مووچە (هەزار دیناری عێراقی) | ڕێژەی بڕین بە جیاوازی یەك هەزار دینار |
|---|---|---|---|
| 200 | 170 | 30 | %15 |
| 201 | 160 | 41 | %20 |
| 300 | 240 | 60 | %20 |
| 301 | 225 | 76 | %25 |
| 400 | 300 | 100 | %25 |
| 401 | 280 | 121 | %30 |
| 500 | 350 | 150 | %30 |
| 501 | 345 | 156 | %35 |
| 600 | 390 | 210 | %35 |
| 601 | 360 | 241 | %40 |
| 700 | 420 | 280 | %40 |
| 701 | 380 | 321 | %45 |
| 800 | 440 | 360 | %45 |
| 801 | 401 | 400 | %50 |
| 900 | 450 | 450 | %50 |
| 901 | 405 | 496 | %55 |
| 1000 | 450 | 550 | %55 |
| 1001 | 400 | 601 | %60 |
| 1500 | 600 | 900 | %60 |
| 151 | 525 | 374 | %65 |
| 2000 | 700 | 1300 | %65 |
| 2001 | 600 | 1401 | %70 |
| 3000 | 900 | 2100 | %70 |
| 3001 | 750 | 2251 | %75 |

سەرچاوە: لە كاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە(1)

7- ئەم لێبڕینە پشت بە هیچ دەقێكی دەستووری و یاسایی و ئابووری و كارگێڕی نابەستێت، و بە هیچ شێوەیەك توانا و ئارەزووی پاشەكەوتكردنی فەرمانبەران لە بەر چاو نەگیراوە.

8-بڕیاری پاشەكەوتەكە ئاماژەی بە هیچ زەمانەتێكی یاسایی و ئابووری ناكات، بە تایبەتی لە كاتی زیادبوونی هەڵاوسان و كەمبوونەوەی توانای كڕینی پارە پاشەكەوت كراوەكە .

9- ئارەزووی بەكارهێنانی زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەران زۆر بەرزە و ئارەزووی پاشەكەوتیان كەمە لەبەر كەمی مووچەكانیان بە بەراورد بە ئاستی گشتی نرخ و گرانی بژێوی ژیان لە هەرێمی كوردستان .

**4- كاریگەرییەگانی پاشەكەوتی زۆرەملێ**

a-بە پێی دوایین بەیانامەی حوكوومەتی هەرێم لە سەر پەسندكردنی بودجەی ساڵی 2017 عێراق، ژمارەی فەرمانبەران ملیۆنێك و چوارسەد هەزار فەرمانبەرە، لەبەر زۆری ژمارەی فەرمانبەران لە لایەك و لە لایەكی تر لەبەر پشتبەستنی ژمارەیەكی زۆری فەرمانبەران بە مووچەكەیان، ئەم پاشەكەوتە كاریگەری زۆری هەیە لەسەر كەمكردنەوەی توانای كڕین، كە توانای كڕینی ئەم ژمارە زۆرە كەمبووەوە، مانای وایە كرداری كڕین و فرۆشتن كەمدەبێت، و بەكارهێنان كەمدەبێت، و جۆرێك لە بێ بازاڕی یان خاوبوونەوەی بازاڕ دروستدەبێت، ئەمەش واتای بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری لە 3,8% لە ساڵی 2012 بۆ 13,5% لە ساڵی 2016، هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێكاری لە 7,9% لە ساڵی 2012 بۆ 14% لە ساڵی 2016، و گەشەی ئابووری هەرێمیش 5% كەمی كردووە. (سماقەیی،2016 ، 11)

b-فەرمانبەران لە هەرێم بە هۆی خشتەی پاشەكەوتی مووچەوە، تووشی قەرزكردن بوونە كە زۆر جاران پێی دەگوترێت پاشەكەوتی پێچەوانە، یان بە هۆی یارمەتی خزم و كەسوكاریانەوە بەكارهێنانی خودی خۆیان دەكەن كە ئەو بەشەی بەكارهێنانە ناچارییە و پشت بە دەستهات نابەستێت، بەڵكو پشت بە قەرز و هاوكاری و كۆمەك دەبەستێت.

c-كەمكردنەوەی دەوامی فەرمانبەران و سەرقاڵبونیان بە ئیشی دووەم، ئەمەش وایكردووە كە دەرفەتی كار لە خەلكی بازاڕ بگرن و ببنە هۆی كەمكردنەوەی دەرفەتی كار لە بازاڕ، وەك زیادبوونی تەكسی لە شارەكانی كوردستان بە هۆی ئەوەی فەرمانبەرێكی زۆری كەرتی گشتی سەرقال بوونە بە ئیشی دووەم بۆتە دواخستنی كاری هاولاتیان و پێشكەش نەكردنی خزمەت بە پێی پێویست .

d-گەرمبوونەوەی بازاڕی كاڵای هەژاران لەبەر كەمبونەوەی توانای كڕینی فەرمانبەران و هەژاربوونیان، ئەم دیاردەیە لە بازاڕی لەنگە (كۆنەفرۆشان ) زۆر بە ئاسانی هەستی پێدەكرێت .

e-بەردەوامبوونی ئەم لێبڕینە لە مووچەی فەرمانبەران دەبێتە هۆی زیادبوونی دیاردەی بەرتیل وەرگرتن و زیادبوونی واستە و واستەكاری لە دام و دەزگاكانی دەوڵەت و نزمبوونەوەی زیاتری ئاستی خوێندن لە خوێندنگە و زانكۆكان بە تایبەتی لەخوێندنگە و زانكۆ حوكوومیيەكان .

f-بەردەوامبوونی ئەم لێبڕینە لە مووچەی فەرمانبەران دەبێتە هۆی خراپبوون و زیادبوونی تێچوونی خزمەتگوزارییە گشتییەكان.لەبەر پەیدابوونی دیاردەی ڕەشوە و بەرتیل.

g-بەردەوامبوونی ئەم لێبڕینە لە مووچەی فەرمانبەران دەبێتە هۆی دروستبوونی ناڕەزایی و زیادبوونی پیسبوونی بیر و ناسنامە. واتە زیادبوونی گوێپێنەدان و لاوازبوونی هەستی هاوڵاتیبوون لە لایەن تاكی كوردستانەوە، وەك بەرتیل و دزی وگەندەلی وخۆفرشی .

h-بەردەوامبوونی ئەم لێبڕینە لە مووچەی فەرمانبەران دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی كە وەزیفەی حوكوومی جێدەهێڵن یان داوای مۆڵەتی بێ مووچە دەكەن، بۆ نموونە زیاتر لە (2528) پزیشك كارەكانیان جێهێشتوە، و (953) پزیشك مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە و بە پێی ئامارێكی یەكێتی مامۆستایان لە كۆی 126 هەزار مامۆستا، 10 هەزار مامۆستاش مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە(وەزارەتی تەندروستی .(mohkr.org

**5- هەوڵەكان بۆ كەمكردنەوەی كاریگەریەكانی پاشەكەوتی زۆرەملێ لە هەرێمی كوردستان**

1-ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی: لە ڕۆژی 2016/4/12 بە نووسراوی ژمارە (6)، داوایكردووە كە حوكوومەت بە بەڵێنەكانی خۆیەوە پابەندبێت كە تایبەتن بە مووچە و مووچەی كەس و كاری شەهید و ئەنفالكراوان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان و كەمئەندامانی

سەنگەر و لە هیچ بارودۆخێكدا دوانەخرێت و داوادەكات ژمارە حسابی بەنكی بۆ هەموو مووچەخۆرێك بكرێتەوە تاكو بتوانن لەگەڵ حوكوومەت و كۆمپانیا و بەنكەكان مامەلەی پێبكەن.

2-ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: لە رۆژی 2016/9/24 لە كۆبوونەوەی ژمارە (19) لە سەر داواكاری ئەندامی پەرلەمان (هۆشیار عبدالله) و ئیمزای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی عیراق، برگەیەك خرایە بەرنامەی كاری ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ گفتوگۆكردن سەبارەت بە گرفتی مووچەخۆرانی هەرێمی كوردستان، لە ئەنجامی گفتوگۆكاندا و لە بڕیار و ڕاسپاردەكانی كۆبوونەوەكەدا، لە برگەی (8-9) بڕیاردرا بە رەوانەكردنی پێشنیارەكان بۆ لێژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان و میوانداریكردنی بەرپرسە حوكوومییەكان بۆ گفتوگۆ لە سەری و هەروەها بڕیاردرا بە پێكهێنانی لێژنەیەك بە سەرۆكایەتی (هومام حمودی) جێگری یەكەمی سەرۆكی پەرلەمان كە بڕیار بوو ئەم لێژنەیە لە ماوەی یەك مانگدا راپۆرتێك پێشكەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران بكات لەگەڵ پڕۆژە یاسای بوودجەی 2017 عێراق.(ڕۆستای،4،2016(

3-ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر: لە 2016/12/28 بە نووسراوی ژمارە 189، داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەكات كە كار بە چەكی مووچە بۆ مووچە خۆران بكات، بۆ مامەڵەكردنیان لەگەڵ حوكوومەت و بەس تەنها دانی پابەندبوونە داراییەكانیان بە حوكوومەت لە بری پاشەكەوتەكەیان، كە ئەمە لە چاو پڕۆژەكەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی جۆرێكە لە پاشەكشێ لە مافەكانی فەرمانبەران ، كەداوادەكات ژمارەی حسابی بكرێتەوە و فەرمانبەر مافی ئەوەی هەبێت لەگەڵ دەوڵەت و كەرتی تایبەتدا مامەڵەی پێبكات، بەڵام لە پڕۆژەكەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر باری تەندروستی لێ دەركراوە، كە فەرمانبەرەكان لە كاتی نەخۆشیدا بتوانن پاشەكەوتەكەیان لە ڕێگای چەكی مووچەوە بەكاربهێنن.

4-لە ڕۆژی دووشەممە لە 2016/10/10 سیستەمی بایۆمەتری بۆ فەرمانبەران لە شاری هەولێر ڕاگەیەندرا، لە ڕێگای كارتی ئەلكترونی تایبەت بە فەرمانبەران، لە پێناو چاكسازیكردن لە لیستی مووچەی فەرمانبەران و سڕینەوەی ناوی دووبارە و وەهمی فەرمانبەران، بە ئامانجی تۆماركردنی گشت فەرمانبەرانی حوكوومەتی هەرێم،و كردنەوەی ژمارەی بەنكی بۆ هەموو كەسێك كە مووچە لە حوكوومەت وەردەگرێت، و دیاریكردنی ڕێژەی ڕاستەقینەی پاشەكەوت و دانانی لەسەر ژمارەی بەنكی هەر فەرمانبەرێك، لە ڕێگای وەرگرتنی مۆری پەنجە و چاوی هەموو ئەو كەسانەی كە مووچە لە حوكوومەت وەردەگرن، و تۆماركردنی هەر كەسێك كە مووچە یان دەرماڵەی هاوكاری لە حوكوومەت وەردەگرێت بە ژمارەی تایبەتی كە پێی دەڵێن ژمارەی كۆمەڵایەتی، كە سەرجەم زانیاری لەسەر هەڵگرانی ئەم ژمارە كۆمەڵایەتییە لە خۆدەگرێت.

5- هەوڵی مامۆستایان و فەرمانبەران: كە بەردەوامن لە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی و ڕەتكردنەوەی پاشەكەوتی زۆرەملێ بە تایبەتی ناوچەی سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین و هەڵەبجەی شەهید، پەنگخواردنەوەی ناڕەزایەتییەكانی شاری هەولێرو دهۆك و ناو چەكانی زۆنی زەرد.

**ئەنجامەكان**

1-خشتەی پاشەكەوتی زۆرەملێی مووچەی فەرمانبەران لەگەڵ توانا و ئارەزووی پاشەكەوتكردنی فەرمانبەران ناگونجێت، ئەمەش لە بەر زۆری ڕێژەی لێبڕینەكەی كە بە پاشەكەوتی خانەنشینییەوە دەگاتە لە 22% بۆ لە 82.%

-2ئەو پاشەكەوتەی كە هەیە (زۆرەملێ) كاریگەری خراپی هەیە لەسەر توانای كڕینی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك، بە تایبەتی ئەوانەی ژیانیان بەندە بە مووچەكەیان و هەندێ مووچە خۆی لە بنەڕەتا لە سنووری نان و زگدایە وەك مووچەی پلە 10 بۆ پلە 5 لە خشتەی پلەبەندی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت لە عێراق و هەرێمی كوردستان، واتە خۆی لە بنەڕەتدا بەشی دابینكردنی كەمترین پێداویستی ژیان ناكات.

3 -ئەم لێبڕینە بەناوی پاشەكەوتی مووچەوە هیچ ڕەچاوی گۆڕانی بارودۆخی ئابووری ناكات بە تایبەتی زیادبوونی هەڵاوسان و هیچ برێكی سوو بۆ ئەم پاشەكەوتە دانەنراوە، بۆ قەرەوبوكردنەوەی قوربانیدانی فەرمانبەر بە بەكارهێنانی ئەمڕۆ لە پێناو بەیانییەكی باشتردا .

4-پاشەكەوت باشترە لە بڕینی مووچە، ئەگەر هاتوو بەنك ڕۆلی هەبێت لە نێوەندگیری لە نێوان فەرمانبەران و حوكوومەت لەگەڵ ئەوەی بەنك لە هەرێمی كوردستان لە ئاستێكی پێویستدا نییە، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو هەر فەرمانبەرێك ژمارەیەكی حسابی تایبەت بە خۆی هەبێت و بتوانێ بیجووڵێنی و مامەڵەی پێبكات ئەگەر نەشتوانێ بیكات بە سیولە (پارەی بەردەست.(

5-ئەم پاشەكەوتە ناگونجێت لەگەڵ مەرجەكانی پاشەكەوتكردن، لەبەرئەوەی بووەتە هۆی دروستكردنی ترس لە سەر بژێوی فەرمانبەران و برسیكردنی و بێبەشكردنی لە پێداویستییە گرنگەكانی ژیان .

لە ژێر ڕۆشنای ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، ڕاستی گریمانەی توێژینەوەکەمان بۆ دەرکەوت  کە گریمانی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نەبوونی ڕۆلی بەنك ، و شێواز ، و زۆری بڕی پاشەکەوتەکە ، و نادیاری چارەنووسی پاشەکەوتەکە ، بووەتە هۆی زیاتر لاوازکردنی متمانەی فەرمانبەران بە حوکوومەتی هەرێمی کوردستان عێراق ، زیاتر ناڕەزای دەربڕین و خۆپیشاندانی ڕۆژانەی چین و توێژەکان بە تایبەتی چینی مامۆستایان، کە ئەم پاشەکەوتە سەپێنراوە ڕەتدەکەنەوە.

**ڕاسپاردەکان**

یەکەم: پێویستە ئەم پاشەکەوتە لابرێت نەمینێت لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ بەغدا یان بە پشت بەستن بە داهاتی هەرێم.

دووەم: لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا: پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێت بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەی گرفتی زۆری و بۆری فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و پاککردنەوەی لیستی ناوی فەرمانبەران وەك:

1-بڕینی مووچەی نایاسایی  بە هەموو شێوە و جۆرەکانییەوە وەك هەبوونی مووچە و خانەنشینی لە یەك کاتدا.

2-بڕینی ناونیشانی نایاسایی ناواقیعی وەك شارەزا و ڕاوێژکار و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی.

3-بڕین و لادانی  خزمەتی نایاسایی و وەهمی و لابەلا و ناواقیعی.

4-مۆڵەتدان بۆ کارکردن لە دەرەوەی حوکوومەت، بە شێوەی یەك لەسەر چواری مووچە و یەك لە سەر دووی مووچە و بە بێ مووچە.

5-هێنانەپێشی خانەنشینی و کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی ئارەزوومەندانە.

6-وەستاندنی دامەزراندن بە هەموو شێوەیەك و بۆ هەموو کارێك.

7-بڕینی دوو مووچەیی لە ژێر هەر ناونیشانێك بێت وەك دەبڵ مووچەی مامۆستایانی پۆستدار لە زانکۆ.

8-بڕینی دەرماڵەی ناشایستە و نایاسایی و ناواقیعی و نەگونجاو لەگەڵ کاری کرداری فەرمانبەر.

9-بڕینی مووچەی خانەنشینی نایاسایی و ناواقیعی وەك ئەوانەی کە 75% خزمەتیان لە دەرەوەی هەرێم کردووە، یان بە بێ دەوامکردن و بینینی ئەرك و فەرمان خانەنشینکراون.

10-کەمکردنەوەی مووچە و دەرماڵەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە و وەزیر و ئەندامەکانی پەرلەمان و ڕاوێژکار و شارەزا و بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بە ڕێژەی لە 50 %.

11-پاشەکەوتکردنی یەك لە سەر پێنجی مووچەی فەرمانبەران بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، لە بری دانی سوو یان قازانج.

12- دانان و کردنەوەی ژمارەی حسابی لە بەنك بۆ هەموو فەرمانبەرێك و دیاریکردنی رەسیدی هەر فەرمانبەرێك، و دیاریکردنی ئەو سووەی کە دەیدات بە فەرمانبەر لە بری دواخستنی بە زۆری بەکارهێنانی ئەمڕۆیان، یان دیاریکردنی ڕێژەی قازانج بۆ هەر فەرمانبەرێك لە شێوەی جامبازی (المجاربە)، بەم هەنگاوانەی خوارەوە :

1-لە قۆناغی یەکەمدا فەرمانبەر مافی ئەوەی هەبێت مامەڵەکانی لەگەڵ دەوڵەت بەم رەسیدە بکات، بە بێ مافی ڕاکێشان و کردنە سیولە.

-2لە قۆناغی دووەمدا مافی مامەڵەپێکردنێکی دیاریکراوی پێبدرێت لەگەڵ هاوپیشەکانی لە فەرمانبەران واتە تەنها بتوانی رەسیدەکەی بە بڕێکی دیاریکراو مانگانە بگوازێتەوە لە ناوی خۆیەوە بۆ ناوێکی تر .

3-لە قۆناغی سێیەمدا مافی تەواوی جووڵاندنی ژمارە حسابییەکەی هەبێت بە بێ خوردکردنەوەی بۆ رەسید یان پارە.

-4لە قۆناغی چوارەمدا مافی ڕاکێشانی بڕێك پارەی هەبێت  لە ژمارە حسابییەکەی مانگانە تاکو چاکبوون و ئاساییبوونەوەی دۆخی سیاسی و ئابووری هەرێم دواتر تەواوی مافی مامەڵەکردنی پێبدرێت بە رەسیدەکەی لە ڕاکێشان و گواستنەوە و مامەڵەپێکردنی .

-5هیچ قۆناغێك لە دوو بۆ چوار مانگ زیاتر نەبێت .

سێیەم: لە سەر ئاستی یاسادانانددا (پەرلەمان): پێویستە پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەت بکات بۆ ناچارکردنی حوکوومەت بە گێڕانەوەی ئەو پارەیەی کە لە فەرمانبەران دەبڕدرێت، و بکرێتە قەرز لەسەر کابینە یەك لە دوای یەکدا هاتووەکان بە یاسایەکی پەرلەمانی.

چوارەم: لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکان و خەڵکدا: پێویستە فشاری زیاتر دروستبکەن بۆ زووتر نەهێشتنی پاشەکەوتی زۆرەملێ و گێڕانەوەی  پارەی پاشەکەوتکراو، لە ڕێگا دیموکراسی  ویاساییەکانەوە .

**سەرچاوەکان**

**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان**


1. بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (64) لە 2016/2/3.
2. حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، www.Krso.net
3. حوکوومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی دارای و ئابووری، زانیاری بڵاو نەکراوە، 2014.
4. ڕۆستایی، زانا: 2016، قەیرانی مووچە خۆرانی هەرێم لە گفتوگۆی ناو ئەنجوومەنی نۆێنەرانی عیراق.
5. سماقەیی، ایوب انور: 2009، (دارایی گشتی)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، چاپی چوارەم.
6. سماقەیی، ایوب انور: 2016، (بنەماکانی زانستی ئابووری)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، چاپی نۆیەم.
7. شمقار، نەژاد عبدالقادر: 2002، فەرهەنگی ئابووری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
8. کریم، رزگار: 2005، فەرهەنگی دەریا، بەشی یەکەم و دووەم، چاپەمەنی سیما، سلێمانی.
9. نووسراوی ژمارە (6) ، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕۆژی 2016/4/12.
10. نووسراوی ژمارە 189، ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە 2016/12/28.


**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان**


1. سماقه يى ، أيوب أنور حمد (دكتور): 2016/11/24، أثر الأزمة المالية في تحقيق هدف القضاء على الفقر للتنمية المستدامة في اقليم كوردستان العراق، وزارة التخطيط، المؤتمر العلمي الاول لاعداد خارطة طريق في اطار تنموي مستدام، بغداد.
2. الوزني ، خالد واصف (دكتور) ،و الرفاعى ،أحمد حسين (دكتور): 2002، ((مبادئ الاقتصاد الكلي بين النظرية والتطبيق)) دار وائل للنشر، الأردن.
3. رحماني، موسى و نجاة مسمش: 2007، نحو ترقية الادخار الشخصي كأداة للتراكم إشارة خاصة إلى الجزائر،مجلة العلوم الإنسانية-جامعةمحمد خيضر بسكرة.
4. رحيم ،حسين (دكتور): 2006، نحو ترقية الادخار المصرفي الشخصي في البلدان الاسلامية إشارة خاصة إلى بلدان شمال إفريقيا،مجلة افتصاديات شمال افريقيا- العدد الأول.
5. القريشي ، محمد صالح تركى (دكتور) ، و الشمري، ناظم محمد نورى (دكتور): 1993، ((مبادئ علم الأقتصاد)) مديرية دار الكتب للطباعة والنشر/ جامعة موصل.


**سێیەم: تۆڕی ئینتەرنێت**


1. خضير، باسل عباس: الادخار الاختياري او الاجباري بدلا من تخفيض رواتب الموظفين في 2014/12/9 www.Kitabat.info
2. الدائرة الاعلامية، قسم الموقع الالكتروني www.parliament.iq

**Analysis of the future role of the Bank's in saving employees salaries. "**

**(Kurdistan region of Iraq a model)**


**ABSTRACT**

Bank stands as a financial institution between public sector employees and the Kurdistan Regional Government, and to allow the participation of trust with each other, so the bank the right place and the right for savings, and similarly the bank is a way to achieve savings and lead it, in order to bitter future and invests those maintained on the part of their income, the bank is well It is a way to earn a profit by getting a percentage of those interested in or profit-sharing, which has been converted profit for savers.

Therefore, the importance of the bank to the key role it takes in providing, thus saving leads and financing of capital for investors of different investments, and a large study arise from the same subject of scientific analysis, according to the Bank's role in saving, organizing, and for device to create trust between the public sector employees and the government of the province Kurdistan. The study problem is that a major problem facing public sector employees through the savings required and the absence of the Bank's role in the organization and find a solution.

Results: the arrival of several study results highlighted by the absence of the Bank's role in achieving the savings required have been arrested by the Kurdistan Regional Government, which holds the trust between public sector employees and the Kurdistan Regional Government. In conclusion, the researcher tried to find a suitable solution to achieve the savings required, through a logical and scientific approach.


Key terms of the Research / Kurdistan Region - Iraq, - Saving - Bank.

**تحليل دور المستقبلي للبنك في ادخار رواتب الموظفين**

**(اقليم كوردستان نموذجا)**


ملخص

يكون وجود البنك كمؤسسة مالية مصدرا وسببا للطمأنينة والثقة بين الموظفين و حكومة اقليم كوردستان لأنه المكان الأنسب و الحقيقى للإدخار، و هو السبب الإساسى لجمع الإموال و توجيه ما يدخره المواطن بشكل علمى من أجل تحقيق الربح و الحصول عليه من قبل صاحبه، عن طريق اعطاء الديون أو عن طريق طريق المشاركة فى الربح الذى يكون عاملا للحصول على الربح أو ناتجا لتحقيق المرابحة لصاحب المال و المواطن، إذن ان أهمية البنك تعود إلى دوره الرئيسى فى تهيئة الحصول و توجيه الادخار فى المجالات الاستثمارية المتنوعة، و ان اهمية البحث تعود الى اهمية التحليل العلمى للموضوع الذى هو الادخار و تنظيم الادخار كعامل انماء الثقة و الاطمئنان بين الطرفين المواطن و حكومة اقليم كوردستان، اما مشكلة البحث الذى نواجهه و يواجه الموظفين فى الاقليم فتأتى من خلال الادخار الاجبارى، و عدم وجود دور البنك فى التاحية العملية للادخار الاجبارى الذى اصبح عاملا رئيسيا فى عدم انماء الثقة بل ضعف موقف المواطن اتجاه سياسة حكومة اقليم كوردستان المالية، و فى التهاية حاول البحث عن طريق الاستدلاء ببراهن علمية و منطقية، معالجة مشكلة الادخار الجبارى .


المفاهم الرئيسية للبحث-اقليم كوردستان-الادخار-البنك